# مرۆڤ با سەرنج بدات کە لەچی دروست کراوە

[ کردي – کوردی – kurdish ]

حاجی ئومێد چروستانی

پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز

2011 - 1432

IslamHouse.com

# ﴿ فلينظر الإنسان ممَّ خُلق ﴾

« باللغة الكردية »

أوميد عمر علي

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

2011 - 1432

IslamHouse.com

# مرۆڤ با سەرنج بدات کە لەچی دروست کراوە

پاش سوپاس وستایش بۆ خوای گەورە وبەدەسەڵات و درود وسەڵات و سەلام بۆ سەر گیانی پێشەوای مرۆڤایەتی محمد المصطفی وهاوەڵ وشوێنکەوتوانی هەتا هەتایە ...

دێنە خزمەت بابەتێکی زیندوو زیندوو لەدوبارە کردنەوەیدا ئەگینا کۆن ڕزیوو لە ڕووی مێژوویەوە، ئەوەی ئێستا هەندێك لە کەناڵە و ڕۆژنامە و سایتە کوردیەکان کاوێژی دەکەنەوە، کەوادەزانن هیچیان نەهێشتووە و تازە بەتازە ئەمان دەرکیان پێکردوە و وەك ئەوەی وەك کورد دەڵیت هەنگوینیان لە قڕۆڵە داردا دۆزیبێتەوە، لەڕاستیشدا نەك هەنگوین نییە بەڵکو ئەوەی ئێستا ئەم بەناو ڕەخنەگرو لەڕاستیدا بێباوەڕانە کاوێژی دەکەنەوەشەڕێکی کۆنە وهاوەڵە دۆڕاوەکانی ئەمان زەمانێکی زۆرە مێژوو ناوی خستنە زبڵدانەکانی خۆیەوە، سوپاس بۆ خوای گەورەش هەندێکیان کە ڕاستیان بۆ دەرکەوت باوەڕیان هێناو ورێگای هیدایەتیان گرتەبەر ....

ئەوەی ئێستاش لەکوردستان ڕوو دەداتە هەر لەسەرەتاوە بەناو ڕەخنەگران با بازانن شەڕێکی دۆڕاو دەکەن، چونکە ئەم ئاینە پیرۆزە خاوەنکەی پەروەردگارە کە خالقی زەوی وئاسمانەکان وهەموو بونەوەرە.... هەر ئەو زاتەیش بڕیاری داوە کە پارێزەری ئەم ئاینە بێت .... چونکە ئەم ئاینە ئەگەر پارێزەرەکەی ئەو زاتە پیرۆز و بەرز وبڵندە نەبوایە دەمێك بوو بەرگەی ئەم هەمووە شاڵاوە نەگریس و یەك لەدوای یەکانەی نەدەگرت کە نەیارانی شەو ڕۆژیان خستوەتە سەر یەك بۆی.... هەر چەرج وسەردەمێك بە کۆمەڵێك گومان خستنە ناو باوەڕدانەوە ڕووبەڕووی ئیسلام و موسڵمانان بونەتەوە ....

بەڵێ خۆشەویستان بۆ ئەم مەبەستە ئێمەش هەر جارێك وەڵامی گومانێك لەگومانی ئەو ڕەخنەگر و نەیارانەی ئیسلام دەدەینەوە بە ئومێدی ئەوەی گەنج ولاو و تاکەکانی ئەم کۆمەڵگەیە نەکەونە ناو فڕت و فێڵ وپیلانەکانیانەوە ...

وەڵامی ئەم جارەیشمان وەڵامی ئەو گومانەیە کە دەڵین: خوا لە قورئاندا هەرجارە و بەشێوازێك باس لەدروست بوونی مرۆڤ دەکات و خۆیشی نازانێت (والعياذ بالله) چی دەڵێت و چی کردووە ؟!!!! بۆیە قورئان زانیاری دژ بەیەکی باسکردوە وەك هاتوە : (أَلَمۡ نَخۡلُقكُّم مِّن مَّآءٖ مَّهِينٖ) {المرسلات: ٢٠} (أَوَ لَمۡ يَرَ ٱلۡإِنسَٰنُ أَنَّا خَلَقۡنَٰهُ مِن نُّطۡفَةٖ فَإِذَا هُوَ خَصِيمٞ مُّبِينٞ) {يس : ٧٧} (الَّذِي أَحْسَنَ كُلَّ شَيْءٍ خَلَقَهُ وَبَدَأَ خَلْقَ الْإِنْسَانِ مِنْ طِينٍ) {السجدة : ٧} (خَلَقَ ٱلۡإِنسَٰنَ مِنۡ عَلَقٍ) {العلق : ٢} (وَلَقَدۡ خَلَقۡنَا ٱلۡإِنسَٰنَ مِن صَلۡصَٰلٖ مِّنۡ حَمَإٖ مَّسۡنُونٖ) {الحجر : ٢٦} . . (أَوَ لَا يَذۡكُرُ ٱلۡإِنسَٰنُ أَنَّا خَلَقۡنَٰهُ مِن قَبۡلُ وَلَمۡ يَكُ شَيۡـٔٗا) {مريم : ٦٧} .

لەوەڵامی ئەم بەناو خوێنەوارانەدا ئەڵێین : ئەو کەسەی کەمێك شارەزای لەزمانی عەرەبی وراڤەی قورئان و قۆناغەکانی دروست بوونی ئادەم ونەوەکانی ئادەمی هەبێت تەنها بەئەندازەی تۆزقاڵێکیش زانیاری دژ بەیەك نابینێتەوە لەنێوان ئەم ئایەتانەی کە باسکران، جا بۆ ئەوەی زیاتر ڕوون

ببێتەوە دەبێت مەنهەجێکی زانستیانە بخەینە ڕوو، چونکە مەسئەلەیەکی ئابەم شێوەیە پێویستی بەوورد بینی هەیە، جا بابزانین چۆن و بەچ شێوەیەك ؟

دەبێت سەرەتا دەبێت تەواوی ئەم ئایەتانەی لەم بارەیەوە هاتوون کۆ بکەینەوە و بەشێوەیەکی تەکامولی سەرنجیان بدەین بەشێویەك جیاوازی بکەین لەنێوان قۆناغەکانی دروست بوونی ئادەم (علیه السلام) وەك باوکە گەورەی مرۆڤایەتی کە دروست بوونی ئەو بەچەند قۆناغدا ڕۆیشتووە؟ لەگەڵ قۆناغەکانی دروست بوونی نەوەکانی ئادەم پاش ئەوەی خوای گەورە دایکە حەوای بۆ دروست کرد ولە ئەنجامی کۆبوونەوەی ئەو دووانە کوڕ وکچی پێبەخشین دوای خۆیان، بێگومان نەوەکانی ئادەم کەئێمەین بەچەند قۆناغێکی جیاوازدا ڕۆیشتوین تا گەشیتوینەتە ئەم مرۆڤە ڕێکو پێکەی ئێستا ... (بەڵام بەداخەوە هەندێك کەسی نەفام وعەقڵ خاو تانە لەدروستکەرەکەی دەدەن) ...

خوای گەورە سەرەتا ئادەمی لە نەبوونەوە دروستکرد وهێنایە بوون کە پێشتر شتێك نەبوو پێی بووترێت ئادەم، بۆیە بوونی ئادەم لەپێشتر تەنها لە زانست وزانیاری پەروەردگاردا بوو، ئەمەش مانا و تەفسیری ئەو ئایەتەیە کە خوای گەورە فەرموویەتی : ( أَوَ لَا يَذْكُرُ ٱلْإِنسَٰنُ أَنَّا خَلَقْنَٰهُ مِن قَبْلُ وَلَمْ يَكُ شَيْـًٔا ) {مریم:٦٧} واتە : باشە ئاخۆ ئەو ئینسانە بیر ناکاتەوە؟ کە ئێمە سەرەتا ئەومان دروستکرد کە پێشتر ئەو هیچیش نەبوو، لە نەبوونەوە هێنامانە بوون ؟!!

ئەمجا ئەو قۆناغانەی کە خوای گەورە ئادەم (علیە السلام) ی تێدا دروست کردووە و پێیدا تێپەڕیوە : سەرەتا دەبێت بزانین یەکەم قۆناغی ئەوەبوو خوای گەورە ئادەمی لە گڵ (تراب) دروست کردووە، پاشان ئاوی بۆ ئەو گڵە زیادکردو بوو بە قوڕ (طین) ئەمجا ئەو قوڕە گۆڕا بۆ قوڕێکی ڕەشی ترشیوو، لەبەر ئەوەی گۆڕا، ئەوەشی گۆڕا پێی دەوترێت (المسنون) جا ئەم قوڕەش پێش ئەوەی ئاگری بەربکەوێت پێی دەوترێت

(صلصال) لەبەر ئەوەی (صلصال) لەزمانی عەرببیدا بەو گڵە دەوترێت کە ووشك بوبێتەوە بەبێ ئەوەی ئاگری بەری کەوتبێت .

جا پاش ئەم قۆناغ یەك لەدوای یەك وڕێکو پێکانە قۆناغی (گڵ ) وپاشان بەزیادکردنی (ئاو) بوو بە (قوڕ) و دواتر قوڕێکی ترشیوو (حمأ مسنون) ولەکۆتا قۆناغیی پێش گیان بەبەرکردنیشیدا گۆڕا بە قوڕێکی ووشك بوەوە بەبێ ئەوەی ئاگری بەرکەوتبێت واتە خۆی ووشك بویەوە، ئێستا ئادەم (علیه السلام) بەو قۆناغانەدا تپێەڕی وگەشتوەتە قۆناغێك هیچ گیانی تێدا نییە، ئەمجا خوای گەورە خۆی گیانی کرد بەبەریدا و بوو بەو مرۆڤەی کە ئێستا هەیە....

ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز تەعبیر لەم قۆناغانە دەکەن و جا دەبێت ئێمە بە تەواوی تەصەوری ئەو قۆناغانە بکەین، بۆ نمونە کاتێك خوای گەورە باس لە لەدروست بوونی عیسی

(عليه السلام) دەكات بۆ جولەكە وبێباوەڕەكان كاتێك پرسیاریان دەكرد چۆن خوای گەورە عیسای بەبێ باوك دروستكردووە پەروەردگاریش لەوەڵامیاندا فەرمووی (إِنَّ مَثَلَ عِيسَى عِنْدَ اللَّهِ كَمَثَلِ آدَمَ خَلَقَهُ مِنْ تُرَابٍ) {مريم:٦٧} واتە : نموونەی عیسا لای خوای گەورە وەك نمونەی دروستكردنی ئادەم وایە كاتێك ئادەمی دروست كرد لەگڵ بەبێ دایك وباوكیش _ زۆر ئاسانە عیسا دروست بكات بەبێ باوك _| ئەبینین خوای گەورە لەم ئایەتە پیرۆزەدا ئاماژەی بۆ قۆناغی یەكەم كردووە كە ئادەم سەرەتا (گڵ) بوو پێش ئەوەی ئاو تێكەڵاوی ئەو گڵە بكرێت و ببێت بە (قوڕ) .

پاشان خوای گەورە كاتێك كە دەەفەرموێت (الَّذِي أَحْسَنَ كُلَّ شَيْءٍ خَلَقَهُ وَبَدَأَ خَلْقَ الْإِنْسَانِ مِنْ طِينٍ) {السجدة :٧} واتە : خوا ئەو خوایەیە كە هەر شتێكی دروست كردبێت زۆر بەجوانی دروستی كردووە، سەرەتاش مرۆڤی لە (قوڕ) دروستكرد- ئەمەش ئەو قۆناغەیە كە ئاو بۆ گڵەكە زیادكرا و بوو بە قوڕ-.

لەجێگایەکی تردا دەفەرموێت: (فَاسْتَفْتِهِمْ أَهُمْ أَشَدُّ خَلْقًا أَمْ مَنْ خَلَقْنَا إِنَّا خَلَقْنَاهُمْ مِنْ طِينٍ لَازِبٍ) {الصافات:١١} واتە : دەسا تۆ ئەی موحەممەددا! (صلى الله عليه وسلم) لەوانە کە نکووڵی زیندوو بوونەوە دەکەن بپرسە: ئاخۆ دروستکردنی ئەوان- لەپاش مردن- زۆر گرنگترو سەختترە، یان ئەو ئاسمان و زەویی و فریشتانەی دروستمانکردوون ؟! دیارە دروستکردنی ئاسمانەکان و زەویی سەخت ترو گرانترە ، جا کەواتە ئێوە چۆن ددان نانێن بە زیندوو بوونەوەدا، بەڕاستی ئێمە ئەوان (ئادەمی) مان دروست کرد لە قوڕێکی لینجی جیڕ کە قۆناغێکە لەقۆناغەکانی دروستکردنی ئادەم .

لەجێگایەکی تردا کە خوای گەورە باس لە دروست بوونی مرۆڤ دەکات ئاماژە بەو قۆناغەدەکات کە مرۆڤ قوڕێکی ڕەشی ترشاو بووە پێش ئەوەی ووشك بووبێتەوە کاتێك (حمأ مسنون) بووە و دەفەرموێت (وَلَقَدْ خَلَقْنَا الْإِنْسَانَ مِنْ صَلْصَالٍ مِنْ حَمَإٍ مَسْنُونٍ ﴿٢٦﴾ وَالْجَانَّ خَلَقْنَاهُ مِنْ قَبْلُ مِنْ نَارِ السَّمُومِ ﴿٢٧﴾ وَإِذْ قَالَ رَبُّكَ

لِلْمَلَائِكَةِ إِنِّي خَالِقٌ بَشَرًا مِنْ صَلْصَالٍ مِنْ حَمَإٍ مَسْنُونٍ ﴿٢٨﴾ فَإِذَا سَوَّيْتُهُ
وَنَفَخْتُ فِيهِ مِنْ رُوحِي فَقَعُوا لَهُ سَاجِدِينَ ﴿٢٩﴾ فَسَجَدَ الْمَلَائِكَةُ كُلُّهُمْ أَجْمَعُونَ
﴿٣٠﴾ إِلَّا إِبْلِيسَ أَبَى أَنْ يَكُونَ مَعَ السَّاجِدِينَ ﴿٣١﴾ قَالَ يَا إِبْلِيسُ مَا لَكَ أَلَّا
تَكُونَ مَعَ السَّاجِدِينَ ﴿٣٢﴾ قَالَ لَمْ أَكُنْ لِأَسْجُدَ لِبَشَرٍ خَلَقْتَهُ مِنْ صَلْصَالٍ
مِنْ حَمَإٍ مَسْنُونٍ ﴿٣٣﴾ قَالَ فَاخْرُجْ مِنْهَا فَإِنَّكَ رَجِيمٌ ﴿٣٤﴾ وَإِنَّ عَلَيْكَ اللَّعْنَةَ إِلَى
يَوْمِ الدِّينِ ﴿٣٥﴾) {الحجر:٢٦- ٣٥} واتە : سوێندبێ بێگومان ئێمە ئادەمیمان دروست کرد لە قوڕێکی ڕەشی ترشاو (٢٦) جنۆکەشمان پێشتر دروست کرد لە ئاگرێکی بەتین (٢٧) ئەی موحەممەد بیریان بخەرەوە کاتێك پەروەردگارت بە فریشتەکانی فەرمووە بەڕاستی من بەشەرێك دروست دەکەم لە قوڕێکی ڕەشی ترشاو (٢٨) جا کاتێك ڕێك و پێك و تەواوم کرد، لەو ڕۆحە تایبەتیەی کە من (بەدیهێنەری ئەوم)، پێمبەخشی، ئەوە هەمووتان کڕنووشی بۆ بەرن (کڕنووشی ڕێزو بە فەرمانی خوا) (٢٩) ئینجا فریشتەکان (فەرمانی پەروەردگاریان بەجێ هێناو) هەموویان بەگشتی کڕنووشی

ڕێزیان برد (٣٠) جگە لە ئیبلیس (شەیتانی گەورە) سەرپێچی کرد کە لەگەڵ کڕنووش بەراندا بێت (٣١) ئەوسا خوا فەرمووی: ئەی ئیبلیس ئەوە بۆ لەگەڵ کڕنووش بەراندا نیت؟ (٣٢) شەیتان لە وەڵامدا وتی: من ئەوەندە (نزم و بچوك) نەبووم کڕنووش بەرم بۆ بەشەرێك کە تۆ پێشتر قوڕێکی ڕەشی ترشاو بووە؟ (٣٣) خوا فەرمووی: (چونکە لە فەرمانی من سەرپێچیت کرد، دەبێت لەم شوێنە نەمێنیت، کە بەهەشتە یان ئاسمان) کەواتە دەرچۆ لێرە چونکە بەڕاستی تۆ نەفرین لێکراویت (٣٤) بەڕاستی نەفرینی خوات بەردەوام لەسەرە هەتا ڕۆژی دوایی (٣٥) .

جا سەیری ئەم ڕێزە بکە خوای گەورە ومیهرەبان ناویەتی لەمرۆڤ چۆن ڕێزی ئەوی داوە بەسەر تەواوی فریشتەکان و شەیتانیشدا، کەچی کاتێك لەسەر ئەو فیطرەتە پاکەی خۆی لادەدا دێت بە حسابی خۆی تناقض و ووتەی دژ بەیەك دەدۆزێتەوە لە کەلامی خوادا، پێم ناڵێیت ئەو کەسەی کە

ئێستا پەروەردگار ئەو لاشە جوان وتەواوە و ئەو هەمووە ئەندامە جوانەی پێداوە و زمانی پێبەخشیوە بێتە گۆ پێم ناڵێت پێش سەد ساڵ لەکوێوە هاتوو چۆن هات ؟ ئایا هەر ئاگای لەو قۆناغانە بووە پێیدا تێپەڕیوە تا گەشتەوەتە ئەم مرۆڤە سەرسەخت و بێباکەی ئێستا کە بەخەیالیٚ خۆی دەیەوێت بەرەنگاری ئاینەکەی خودا ببێتەوە ؟؟؟!!!!

هەروەك چۆن باسمانکرد دروستکردنی ئادەم ( علیه السلام) بەچەن قۆناغێکی جیاوازدا تێپەڕیوە لە (گڵ ) ەوە بۆ ( قوڕ ) و پاشان بۆ (قوڕێکی ڕەشی ترشاو) و دواتریش بۆ ( قوڕێکی ووشك بوەوە) و لەکۆتا قۆناغدا خوای گەورە ڕۆحی کرد بەبەردا ...

ئاوەها و بەهەمان شێوە مرۆڤ و نەوەکانی ئادەم بەچەند قۆناغێکی جیاواز و جیاواز لە قۆناغەکانی باوکە ئادەم تێیدەپەڕێت :

ئەوەی زانستی پزیشکی سەردەم پێی گەشتوە لەبارەی دروست بوونی مرۆڤەوە بەم شێوەیەیە : سەرەتا مرۆڤ دڵۆپێك ئاوە (نطفة) یەکە کەبە (المني) ناو دەبرێت، ئەمجا لەوە و پاش کاتێك لەگەڵ هێلکۆکەی ئافرەت دەپیتێت پێ دەوترێت (أمشاج) واتە تێکەڵاو لەئاوی هەردوو ڕەگەزەکە، دواتر ئەم هێلکە پیتێنراوە خۆی هەڵدەواسێت بەدیواری ڕەحمدا و پێی دەوتریت (العلقة) کە پارچە خوێنێکی مەیووە، ئەمجا وورده وورده وبەتێپەڕبوونی کات ئەگۆڕێت بۆ پارچە گۆشتێك کە لە پاروویەکی هەجوێنراو دەچێت و پێی دەوترێت (المضغة) ، لەقۆناغی پێش کۆتایشدا دەگۆڕێت بۆ ئێسك (العظام ) بەهەموو جۆرەکانیەوە لە ئێسك و کڕکڕاگە وئەوانی تریش، و لە کۆتا جاریشدا خوای گەورە گۆشت دەکات بە بەری ئەم ئێسکانەدا و لەکۆی هەموو ئەم گۆڕانکاریانەدا دروستکراوێکی تری جیاواز لەتەواوی ئەو قۆناغانە دروست دەبیت ( خلقا اخر) کە پێی دەوترێت منداڵ ...

جا با پێکەوە سەرنجی ئەم ئایەتە پیرۆزە بدەین کە چۆن و بەچ شێوەیەك پەروەردگار بەووردی باس لە تەواوی ئەو قۆناغانە دەکات کە ئاماژەمان پێدا : خوای گەورە دەفەرموێت :

(يَا أَيُّهَا النَّاسُ إِنْ كُنْتُمْ فِي رَيْبٍ مِنَ الْبَعْثِ فَإِنَّا خَلَقْنَاكُمْ مِنْ تُرَابٍ ثُمَّ مِنْ نُطْفَةٍ ثُمَّ مِنْ عَلَقَةٍ ثُمَّ مِنْ مُضْغَةٍ مُخَلَّقَةٍ وَغَيْرِ مُخَلَّقَةٍ لِنُبَيِّنَ لَكُمْ وَنُقِرُّ فِي الْأَرْحَامِ مَا نَشَاءُ إِلَى أَجَلٍ مُسَمًّى ثُمَّ نُخْرِجُكُمْ طِفْلًا ثُمَّ لِتَبْلُغُوا أَشُدَّكُمْ وَمِنْكُمْ مَنْ يُتَوَفَّى وَمِنْكُمْ مَنْ يُرَدُّ إِلَى أَرْذَلِ الْعُمُرِ لِكَيْلَا يَعْلَمَ مِنْ بَعْدِ عِلْمٍ شَيْئًا) {الحج : ٥}

واتە : خەڵکینە! ئەر ئێوە لەزیندوبوونەوە دوودڵ و بەگومانن وەرن تەماشایەکی سەرەتاو بنەڕەتیدروستبوونی خۆتان بکەن و، چاکیش بزانن :ئێمە ئەسڵتان (ئادەم)مان، لە گڵ دروستکردووە، لەپاشا (نەوەکانی) لە تنۆکە ئاوێك ، کە لەپشتی باوك هەڵدەقوڵێ ، ئینجا لە خوێنپارەیەك وەك زەروو، پاشان لەگۆشتپارەیەك (مەبەست ئەوەیە وەك پارویەکی دان پێدانراو) تەواوو سەرو سیما پێدراو ، یا ناتەواوو، پێش تەواو

بوون لەبار دەچێ، تا دەسەڵاتی خۆمانتان بۆ دەرخەین و، تێبگەن کە دەسەڵاتێك بتوانێت ئەو ئاوە - نوتفە - یە بکا بەپارچە خوێنێك، پاشان بەپارچە گۆشتێك، لەوێیشەوە بۆ ئادەمزاد، دیسان هە رئەو دەسەڵاتەیە دەتوانێت زیندووتان بکاتەوە، بەڵکو زۆر بەئاسانتر، ئینجا چیمان بوێ دەیخەینە منداڵدانەوەو هەر لەوێش بڕیاری لەسەر دەدەین و دەیهێڵینەوە تا دیمەن و نیگاری تەواو ئەبێت، تاکاتی دیاریکراو بۆلەدایکبوونی لەوێ ڕایدەگرین، لەپاشان بەساوایی و زۆرلاوازو بێ دەسەڵات لەو منداڵدانەدا دەتان هێنینە دەرێ، لەپاشان پەروەردەتان دەکەین تا وردە وردە دەگەنە هێزو پێزی تەواوتان و، بیرو هۆشتان کامڵ دەبێت، وهەتانە هەر لەسەرەتای ژیانەوە دەمرن و ئەوەندە نامێنێننەوە، و هی وایشتان هەیە دەمێنێ و تەمەنی درێژ دەبێ تا دەگاتە کەلەلاییوسەخترین پلەی ژیانییو، بەتەواوی کەنەفت و

ئوفتادەو پیردەبێت، تاوای لێدێت پاش ئەوەی کاتی خۆی شتێکی دەزانی، ئێستا هەموو شتێکی لەبیر دەچێتەوە.

بەڵێ مەتەڵی چۆنیەتی دروستبوونی ئادەمیی بۆکێ هەڵدێت ؟ کێیە؟ لەکوێوە هات؟ چۆن پەیدابوو؟ چەند قۆناغی پری؟ قورئان بەکورتەیەك وەڵامی ئەوگشتە مەتەڵە بەم شێوەیە ئەداتەوە: ١) لەسەرەتاوە لەخاك وخۆڵ ئافەرێنرا، کەوابوو ئینسان ڕۆڵەی زەوییەو، لەزەویی لەدایك بووە، لەسەرپشتی ئەوپێگەیشتووەو ژیاوە، هەموو توخمەکانی لەگەڵ زەویدا چوون یەکن، مەگەر تەنیا (ڕۆح) جیایان بکاتەوە، بەڵام ئەی ئەو گڵە لەکوێ بوو؟ ئەو هەموو گەردیلانە چۆن کۆکرانەوە؟ چ زاتێك کۆی کردنەوە؟. ٢) هەرلەو دڵۆپە ئاوە (نوتفە)یە.. بەڵێ هەر لەوئاوەی ژن وپیاوە، کە تەنها دڵۆپێکەو، بەسەدانیش ملیۆن حەیوانی مەنەویی هەڵگرتووە.. تەنها(خەلیە) یەك لەو ملیۆنەها خەلیە، لەگەڵ ئاوی ژندا موتوربە دەبێ و لەمنداڵداناو لەجێگایەکی قایم و ئەستووردا

قەرار دەگرێ.. پاشان هەر لەو دڵۆپە بچووکە ئاوەیە، ڕەنگیی، جوانیی و ناشیرینی، قەدو باڵا، قەڵەویی ولاوازیی، ئازایەتیی و جوامێریی، بێ ورەیی و ترسنۆکیی، زیرەکیی و بلیمەتیی، تەمەڵی و کەودەنیی هەڵدەگرێت.. هتد. ٣) خوێنپارە – العقلة - . ٤) گۆشتپارە. المضغة- پاشان پەیکەری ئێسکیی (الهیکل العظمی).. دواتر قۆناغەکانی منداڵیی و، ئینجا پیر بوون و گەڕانەوە بۆ قۆناغی منداڵیی، بەشێوەیەك کەهیچ شتێك نەزانێ، لەڕابردووی خۆی، جا باشە ئەبێ کێ بێت ئەم هەموو قۆناغانە بەسەر مرۆڤدا بێنێ ؟ دەبێ بۆچی مرۆڤ خۆی لەبیرباتەوە، تا بەئاسانی خوای خۆی بدۆزێتەوە؟ ئەبێت لەم سەردەمی زانست وتەکنەلۆجییایەدا کە شاهیدی و گەواهی لەسەر دەسەڵاتی خودا دەدەن چ شتێك ڕێگر بێت لەوەی مرۆڤێکی سپڵەی پێ نەزان بەهەموو ئەو ناز ونیعمەتانەی خوای گەورە پێیداوون بێت وشك و گومانی هەبێت لەدەسەڵات و قودرەتی خوای گەورە ؟؟!!! .

لەجێگایەکی تردا خوای گەورە لەبارەی ئەم قۆناغانەوە دەفەرموێت : (وَلَقَدْ خَلَقْنَا الْإِنْسَانَ مِنْ سُلَالَةٍ مِنْ طِينٍ (١٢) ثُمَّ جَعَلْنَاهُ نُطْفَةً فِي قَرَارٍ مَكِينٍ (١٣) ثُمَّ خَلَقْنَا النُّطْفَةَ عَلَقَةً فَخَلَقْنَا الْعَلَقَةَ مُضْغَةً فَخَلَقْنَا الْمُضْغَةَ عِظَامًا فَكَسَوْنَا الْعِظَامَ لَحْمًا ثُمَّ أَنْشَأْنَاهُ خَلْقًا آخَرَ فَتَبَارَكَ اللَّهُ أَحْسَنُ الْخَالِقِينَ) {المؤمنون : ١٢-١٤} واتە : سوێند بە خوا بە ڕاستی ئێمە ئادەمیزادمان لە ئاوێتەیەکی پێکهاتوو لە قوڕ بەدیهێناوە(١٢) لەوەو دوا لە جێگەیەکی پارێزراوو لە باردا (کە منداڵانی دایکە) لە شێوەی نوتفەیەکی زۆر بچووکدا دامان مەزراندووە (١٣) دواتر نوتفەکەمان کرد بە خوێنی مەییو ئینجا خوێنە مەییوەکەشمان کرد بە پارچە گۆشتێکی جوواو ئینجا ئەویشمان کرد بە ئێسقان ئینجا بە گۆشت (پەیکەرە) ئێسکەکەمان داپۆشی پاشان ئەومان کرد بە دروست کراوێکی تر جا گەورە و پیرۆزە ئەو خوایەی کە چاکترینی بەدی هێنەرانە .

جا کاتێك (نطفة) ئاوی پیاو کە پێی دەوترێت (المني) تیکەڵاو بە هێلکۆکەی ئافرەت دەبێت و یەککدەگرن ودەپێتین قۆناغێکی تری جیاواز دروست دەبێت کە پێی دەوترێت (أمشاج) واتە تێکەڵاو لە ئاوی پیاو هێلکەی ئافرەت وقورئانی پیرۆزیش ئاماژەی بەمە کردووە وەك دەفەرموێت : (إِنَّا خَلَقْنَا الْإِنْسَانَ مِنْ نُطْفَةٍ أَمْشَاجٍ نَبْتَلِيهِ فَجَعَلْنَاهُ سَمِيعًا بَصِيرًا} {الإنسان : ٢} واتە : بێگومان ئێمە ئادەمیمان دروستکرد لە دڵۆپێك ئاوی تێکەڵاو لە هەردوو ئاوی ژن و پیاو، بەو شێوەیە کە خۆمان ویستمان بگاتە یەك، پاشان، هەر لەو تنۆکەیە سوار چاك، قارەمان، دەنگ خۆش، چاك، خراپی لێ پەیدا بوو، تاقی دەکەینەوە لەناو گیان لەبەرەکانی تردا، وە بۆ خۆیشی دەر دەکەوێ کە ئایا کارو کردەوەی چاك ئەکات، یان خراپ، ئایا سوپاسمان ئەکات، یا سپڵە دەبێ ؟ ئینجا ژنەواو بینامان کرد بۆ ئەوەی ئایەتەکانمان بەگوێی خۆ ببیسێ، بەڵگەکانی

دەسەڵاتمان بەچاوی خۆی ببینێ، بەشکو مل رابکێشێ بۆ حەقیقەت و ڕاستی ..

وەهەندێك جاریش لەبەر ئەوەی مرۆڤ خۆی لێ ئەگۆڕێت و فیزو خۆ بەگەورە زانینی تێدا دروست دەبێت پەروەردگار بیر دەخاتەوە کە ئەی مرۆڤ چاك بزانە تۆی یاخی وخۆ لێگۆڕاو سەرەتا دڵۆپێك ئاوی بێ نرخ بوویت و ووردە ووردە وقۆناغ بەقۆناغ پەروەردگار ئێستا کرودیتی بەم مرۆڤە کامڵەی ئێستا وخۆتت لێگۆڕاوە و لەم بارەیەشەوە دەفەرموێت : (الَّذِي أَحْسَنَ كُلَّ شَيْءٍ خَلَقَهُ وَبَدَأَ خَلْقَ الْإِنْسَانِ مِنْ طِينٍ (٧) ثُمَّ جَعَلَ نَسْلَهُ مِنْ سُلَالَةٍ مِنْ مَاءٍ مَهِينٍ) {السجدة : ٧-٨} واتە : ئەو خوایە هەموو شتێکی دروستکراوی خۆی، بەچاکی وڕێك و پێکی دروستکردووە، واتە: هەموو شتێك لە جێگەی شیاوی خۆیدا فەراهەمی هێناوە، وە دروستکردنی مرۆڤ (ئادەم)یلە قوڕەوە دەست پێکرد، ، واتە: بۆ هەوەڵجار باوکی مرۆڤی لە قوڕێك دروستکرد، بەو شێوەیەکە لە گەلێ جێگای تردا باسکراوە(٧)

لەپاشا نەوەکەشی لە پاڵاوتەیەك، لە ئاوێکی بێهێز دروستکرد، واتە: لەپاڵاوتەی ئاوی ژن و پیاو- وەکو لەهێندێ سوورەتی تردا تێپەڕی- بەدیهێنان .

سەرنج بدە سەرەتا خوای گەورە ئاماژە بە دروستکردنی ئادەم دەکات کە لەگڵ دروستی کردووە، پاشان لە ئاوێکی بێهێزی بێ نرخ کەمەبەست پێی ئاوی پیاوە .. بۆیە دەبینین ئەو (نطفة) ەیەی کە خوای گەورە مرۆڤی لێ دروستکردووە ئێستا بە (ماء مهین) وەصفی کردووە.

وە هەندێك جاریش هەر ئەم (نطفة) یە خوای گەورە بە (ماء دافق) وەصفی کردوە، ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت زانیاری دژ بەیەك هەبێت لە علمی خودادا، لێرەشدا کە خوای گەورە بە (ماء دافق) ناوی بردوە مەبەست پێی صیفەتی ئەو (نطفة) یە یە نەك شتێکی جیاواز بێت، ئێستاش زانستی پزیشکی سەردەم ئەوەی سەلماندووە بۆ ئەوەی ئاوی پیاو نەفەوتێت

وبگاته هێلکۆکەی ئافرەت و بپیتێت پێویستە بە قوەتێك دەربچێت و دەرپەڕێت نەوەك لە کەناڵی (فالوب) دا بمرێت وتێدا بچێت، ئەمەش هەرئەو وەصفەیە کە خوای گەورە بە (ماء دافق) لەم ئایەتانەدا باسی لێوەکردووە وەك فەرموویەتی (فَلْيَنْظُرِ الْإِنْسَانُ مِمَّ خُلِقَ (٥) خُلِقَ مِنْ مَاءٍ دَافِقٍ (٦) يَخْرُجُ مِنْ بَيْنِ الصُّلْبِ وَالتَّرَائِبِ (٧) {الطارق : ٥-٧} واتە : با مرۆڤ تەماشا بکا لەچی دروستکراوە..؟ (٥) دروست کراوە لە ئاوێکی فڕێ دراو، واتە هەڵقوڵاو بەتەکان(٦) لەنێوان بڕبڕەکانی پشتی (پیاو)و ئێسکەکانی سنگی (ژن)ەوە دەردەچێت ..

بەڵێ خۆشەویستان بەم شێوەیە خوای گەورە بەووردی سەرەتا باس لەقۆناغەکانی دروستکردنی ئادەم (علیە السلام) دەکات، پاشان باس لە قۆناغەکانی دروست بوونی نەوە و ذوریەتەکانی ئادەم (مرۆڤ) دەکات، ئیتر ئەو کەس و نەیار وبەناو ڕەخنەگرانە بۆ کەمێك بیر لەخۆیان و هەڵەشە وکەم وکوورتی خۆیان ناکنەوە پێش ئەوەی باس لە (تناقض) و

زانستی دژ بەیەك لەقورئانی پیرۆزدا بکەن کە تەواوی ئەو پزیشك ونوژدارانەی کە بە ئینصافەوە قسە دەکەن ئەم ڕاستیانەی قورئانی پیرۆز پشتڕاست دەکەنەوە و ادنی پێدا دەنێن لەسەروو هەموویانەوە پزیشکی ناوداری جیهانی کە پسپۆڕە لە زانستی کۆرپەلە ناسیدا (کیث مور) بۆ ڕاستی ئەم ووتەی منیش دەتوانن سەیری ئەم لینکە بکەن و بەگوێی خۆتان شاهیدی ئەو زانا ناودارە ببیستن نەك وەك هەندێك کەسی نەزان وجاهل باسی دەکەن گوایە (کیث مور) شتی وای نەوتووە :

http://www.youtube.com/watch?v=vxQTKzzhcAg